مەسرور بارزانی لەگەڵ شاندێکی تایلەند پرسی هاریکاریی هاوبەش و هاوئاهەنگی تاوتوێ دەکات



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی تایلەند، پرسی هاریکاریی هاوبەش و هاوئاهەنگی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تایلەندیان لە بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار و خوێندن و تەندروستی و بەدیجیتاڵکردن گفتوگۆ کرد.

ئەمڕۆ سەشەممە 29ـی نیسانی 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی تایلەندی بە سەرۆکایەتیی دوسیت ماناپان ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوە کرد.

لە دیدارەکەدا کە سوپارک پرەنگسورە، باڵیۆزی شانشینی تایلاند لە ئوردن و عێراق ئامادەی بوو، پێڕەدانی پەیوەندیی دوولایەنە لە بوارە جیاوازەکاندا تاووتوێ کرا.

شاندەکە خواستی بڕودان بە هاریکاریی هاوبەش و هاوئاهەنگی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی وەاتەکەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان و گەشتوگوزار و خوێندن تەندروستی و بەدیجیتاڵکردن دووپات کردەوە.